# فەلسەفە و ڕۆشنگەری و فێندەمێنتالیزم

## خوێندنەوەیەك بۆ كتێبەكەی (هاشم ساڵح)




سۆران عەزیز

بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەسەلەی دەمارگیری ئاینی و ئەو شەڕە مەزهەبیانەی بەدرێژایی دوو سەدە ئەورووپایان گرتبووەوە، ناتوانین لەسەردەمی ڕۆشنگەری بگەین. چەمكی لێكبوردنیش هەر لە سەرەتاوە بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە هاتە ئارا، واتا كێشەی هەڵكردن و پێكەوە ژیان لەنێوان هەردووە ئاینزا سەرەكییەكەی مەسیحیەت (كاتۆلیك و پرۆتستانت)، بۆیە پێویستە ڕۆشنگەری بخەینە ناو سیاقە مێژووییەكەیەوە تاوەكو وەك خۆی بیناسین و بەرووە ڕاستەقینەكەی ئاشنا بین. هاتنەئارای ڕۆشنگەری لەپێناو خواستێكی گرنگی وەك بەدەستهێنانی ئازادی بیروڕا و ویژداندا بوو، هەروەها بۆئەوە

بوو مرۆڤ مافی هەبێت دواتر لیکدانەوەی جیاوازی بۆکۆی  تێکستەکان هەبێت، ئیدی لەمەشەوەململانێی پیاوانی ئاینی و فەیلەسوفەکان دەستی پێکرد و ئەمەش هەر پەیوەندی بە لێکبوردنەوە هەبوو، چونکە زانایانی ئاینی مەسیحی پێیان وابوو بڕواهێنان بە باوەڕی ئایینی مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەو دونیا رزگار بێت و سەرفراز بێت، بۆیە هەرکەسێکیش بڕوای بەو عەقیدانە نەبێت، ئەوا کافرە و چارەنووسی دۆزەخە، بۆیە پێویستە دژایەتی ئەو جۆرەکەسانە بکرێت و لەناویان بەرین. ئەمە بڕوای پیاوانی ئایینی بوو لەپێش هاتنی رۆشنگەری و بەهاتنی رۆشنگەریش کوتوپڕ بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەر نەهات، بەڵکو گۆڕان لەسەرەتادا بەشێوەیەکی هێواش هێواش بەڕێوە دەچوو هەروەها ئەو گۆڕانانەش بەگوڵ نەهاتن، بەڵکو بەشەڕ و خوێنڕشتن و قوربانیدانی پیاوانی رۆشنگەرەوە هات. ئەمە سەرەتای ناسینی کتێبی فەلسەفە و رۆشنگەری و فێندەمێنتالیزمە کە نوسەری دیاری عەرەبی (هاشم سلّح) نوسیویەتی و (شوان ئەحمەد) کردویەتییە کوردی. ئەم کتێبە کە وتارەکانی (هاشم سالّح)ە لە رۆژنامەی (شەرقول ئەوصەت) وەرگیراوە کە نوسەر ماوەی چەند ساڵێکە ستونێکی بەردەوامی هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی چەمکی رۆشنگەری ئەو گۆڕانانەی بەدوای خۆیدا هێنا لەدونیای رۆژئاوادا. ئەم پیاوە سەرەتا بە وەرگێرانی نوسینەکانی (محەمەد ئارگۆن) دەستی پێکرد تا لە دواییشدا کۆمەڵێك گفتوگۆی لەگەڵ رۆشنبیران و بیریارانی رۆژئاوا ساز و ئامادەکرد و کردیە خەڵات بۆ دونیای عەرەب. دواتر ئەم کتێبە بە قەبارەی (335) لاپەڕەیە بە شێکی زۆری تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر گێڕانەوەی توندڕەوی ئاینی لە سەدە تاریك و مرۆڤ کوژەکاندا ئەو سەدانەی بەدەر لە پڕوکاندنی تاقەت و ئارەزووەکانی مرۆڤی رۆژئاوای و بەدەر لەکوشتنی دەستە جەمعی و بێبەشکردنی مرۆڤ لەهەموو ئازادییەکانی هیچی تری بەرهەم نەهێنا. (هاشم سالّح) زۆرجار باسی ئەوەی کردووە کە هاتنی رۆشنگەری و رێنسانسی ئەورپی بەشێکی زۆری پەیوەندی بەو هەموو زوڵم و زۆرەوە هەبووە کە ئاین و پیاوانی ئاین

بەهاوشانی دەسەڵاتدارانی ئەوکات دەیانکرد بەرامبەر بەکۆی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە. هەر ئەمانەش وایان کرد کە کۆمەڵێك لەبیریاران بیر لە کۆتایی هاتن بەم ئازارانە بکەنەوە بۆیە شتێکی ئاشکرایە دوای ماوەیەکی زۆر خەبات و قوربانیدان توانرا بەسەر کێشەی توندڕەوی لە رۆژئاوا سەر بکەون، بەڵام ئەوەی لای (هاشم ساڵح) و هەندێك لە رۆشنبیرانی ئەم ناچەیە بەتایبەت رۆشنبیرانی عەرەبی جێگەی قسە لەسەرکردنە، ئەوەیە بۆچی لەکاتێکدا کێشەی توندڕەوی ئێستا بەرۆکی جیهانی گرتۆتەوە دوای ئەو هەموو شەڕوشۆڕ و کوشتارە و تا بەسەرکەوتنی بیریاران لەئەوروپا کۆتایی هات و کەچی جارێکیتر و بەشێوەیەکی تر بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە توندرەوی ئاینی، نووسەر دەڵێت من تائێستا زیاتر لەچەند جار گوتومە کە کێشەی توندرەوی ئاینی کێشەی سەرەکییەو سەرچاوەی هەموو کێشەکانە، بۆیە پێی وایە ئەم بابەتە تەواوی تواناکانی ئێمەی دەوێت، بەڵام نووسەر نایشارێتەوە کە کێشەگەلێکی وەك توندڕەوی ئایینی بە رۆژ و دوو رۆژ چارەسەر ناکرێت یان بەنەوەیەك و دوونەوە چارەسەر ناکرێت، بەڵام ئەوە مانایی ئەوە نییە کە ئێمە دەستەوەستان بوەستین، بۆیە نووسەر لێرەوە پێی وایە کە دەبێت لەهەوڵ و کۆششدا بین بۆ روبەڕوبوونەوەی ئەم مەترسیەی ژیانی ناوچەکەی ئێمەشی گرتۆتەوە هەروەها بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزمونی رۆشنگەری ئەوروپی  نووسەر لیستێکی درێژ مشتومڕی فیکری بیریاران دەخاتە بەردەست وەك شۆڕشەکەی بیریارانی گەورە (مارتن لۆتەر و ئێرسام و هیگڵ و نیچە تا سپینۆزا و جۆن لۆك و ڤۆڵتێرو دیدرۆ رۆسۆ و کانت)ی گەورە فەیلەسوفی رۆشنگەری، هەروەها دونیایەکیش کوشتنی ناحەق لەمێژووی رۆشنگەری دەخاتە بەردەست لە لایەنی پیاوانی ئاینییەوە کە نووسەر گەرەکیەتی بڵێت رۆشنگەری هەروا بەسانایی نەهاتۆدە بوون بەڵکو بەری رەنج و ماندووبون و عارەق رشتنی ئەم پیاوانەو چەندینیترە، ئەمانە تەواوی وزەو توانایی خۆیان بۆ خزمەتی رۆشنگەری سەرفکرد بۆیە (هاشم ساڵح) دەڵێت دەبێت ئێمەش وەك ئەوان تواناکانمان بۆ ئەو مەبەستە سەرف

بکەین، چونکە ئایینەکەی ئێمەش لێوڕێژ بووە لە توندڕەوی ئایینی بۆیە ناوبراو ئەمە بە شەڕی میلیارێك موسوڵمان دەزانێت بۆ ئەوەی ئایینەکەمان پاك بکەینەوە لە توندرەوی. دواتریش ژیانی داهاتوومان لەم مەترسیە گەورەیە رزگار بکەین، لەم روانگەیەوە دەڵێت هەر رۆشنبیرێك کێشەی فێندەمێنتال بەکێشەی گەورە نەزانێت ئەوا ئەوە نە رۆشنبیرەو کوفریشە ئەو ناوەی پێوە بنێیت، نووسەر لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت رۆشنبیر کەسێکە بەکێشەی میلەتەکەیەوە خەریك بێت گەرهاتوو کێشە سەرەکییەکانی میلەتەکەی پشتگوێ خست و خەریکی کێشە لاوەکیەکان بوو. ئەوە مانایی وایە لەدەرەوەی بازنەکەدایە، دواتر نووسەر سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت لەبەرامبەر رۆشنبیرانی عەرەب و دەڵێت پێم سەیرە نوسەران و رۆشنبیرانی عەرەب وەکو پێویست، بایەخ بەم کێشەیە نادەن کەم تازۆریش بەکێشەی نازانن ئەوە سەرەرایی ئەوەی توندڕەوی ئایینی ژیانی وڵات و ناوچەکەی ئەوانی خستۆتە قەیرانەوە و رۆژانە کێشەی مرۆیی دەخوڵقێنێت، بەڵام رۆشنبیرە جەسورەکانی ئێمە بەردەوام چاوپۆشی لەم بزووتنەوە فەندەمێنتالیزمانە دەکەن بەو بیانوانەی ئەمانە بزوتنەوەیەکی مللین یان تەعبیر لەمیلەت و ئاینەکەمان دەکەن، بۆیە تەنانەت تائەم ساتەوەختەش بایەخیان بەگرنگی مەترسییەکانیان نەداوە بەتایبەت دژایەتیکردنیان لەسەر زەمینەی خۆیان. مەبەست لەمەش زەمینەی تراديسيۆنی ئایینی و چۆنییەتی تێگەیشتن و تاوتوێکردنییەتی، بۆیە لێرەوە نووسەر زیاتر ورد دەبێتەوە دەڵێت دەبوا رۆشنبیران خوێندنەوەیەکی نوێیان لەمەڕ تراديسيۆنی ئایینی بکردایە وەك ئەوەی بیریارانی رۆشنگەری لە رۆژئاوا کردیان، بۆیە گەر بهاتبایەو ئەوانیش وەکو رۆشنبیرانی عەرەب و ناوچەکە تەنها خۆیان لەگەڵ تراديسيۆنی ئایینی رابهێنایەو لەگەڵیدا برۆشتنایە ئەوا ئێستا ئەو گەشەو پێشکەوتنە روویان نەدەدا، بەڵام ئەوەی نووسەر هەرگیز نەیتوانیوە خۆی لەقەری بدات چۆنییەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ کێشەکەدا بۆیە لەکاتێکدا ئەوەندەی لەدووتوێی ئەم کتێبە وردەبیتەوە (هاشم سالح) زۆر باس لە

دژایەتی توندڕەوەكان دەكات كە ئەمەش بۆ دونیای ئێستا بەبڕوای من كێشەكە گەورەتر دەكات، چونكە لەئێستادا ناكرێ و نابێت بەتوندو تیژی كێشەیەكی گەورەی وەك فەندەمێنتالیزم چارەسەر بكەیت بەتایبەت ئێمە لەكوردستان ئەزمونێكمان لەگەڵ ئەم بابەتەدا هەیە كاتێك هەوڵ درا بەچەك و توندوتیژی كۆتای بە فەندەمینتالیزمی كوردی بهێنرێت. ئەم پرۆسەیە نەك سەركەوت و نەبوو بۆ بەرژەوەندی لێكبوردن و عەلمانییەت و مەدەنییەت، بەڵكو سەداسەد لە بەرژەوەندی فێندەمێنتالیزمەكان بوو بۆیە من لەگەڵ ئەو رەئیەدام كە پێی وایە توندڕەوی ئایینی لەشەڕ و شۆڕدا گەورەتر دەبێت، چونكە فەندەمێنتالیزم خۆی بەرهەمی كۆمەڵگەیەكی نائارام و پركێشەیە بەهەرحاڵ ئەوەی لەم كتێبەدا گرنگیەكی لەرادەبەدەری هەیە ناساندنی ئەو مێژووەیە بەخوێنەری كورد، چونكە خوێنەری كورد ئاشنایەتی لەگەڵ شۆڕشەكانی رێنسانس و رۆشنگەری رۆژئاوادا نییە ئەو شۆڕشانەی توانیان شارستانییەتێكی گەورە بنیات بنێن كە تا ئێستاش مرۆڤایەتی سەرسام كردووە، بەلاًم دەبێت ئەوەش بڵێم هەر بەرهەمی ئەو شۆڕشانە بوون كە بەشێكیان مەترسیان بۆسەر ژیانی مرۆڤایەتی درووست كردووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی  رۆژئاواییەكان بەردەوام لە هەوڵی وژاندنی پرسیارن دەربارەی شارستانیەتییەكەیان ئەمەش لەپێناو بێخەوشكردن و گەورەبوونی رۆژ دوای رۆژی ئەو كلتورە دەوڵەمەندە بۆیە هەركاتێك ئەم شارستانییەتە لەخۆی دڵنیا بوبێت و پرسیاری لەمەڕ ئایندەی نەمابێت توشی قەیران و كێشەی مەزن بۆتەوە هەر ئەمەش وایان كردووە خۆی و دەسكەوتەكانی بخرێنە ژێر پرسیاری گرینگەوە بە تایبەت دوای ئەوەی شارستانییەتی ئەورووپی پێشكەوتنی تەكنەلۆژی مەزنی بەرهەمهێنا بەم هۆیەشەوە توانی كۆنترۆڵی سروشت بكات، بەلاًم ئەوان نەوەستان دەستەوئەژنۆ دانەنیشتن، بەڵكو تێكۆشان و بیریان كردەوە و پرسیان ئایا بۆچی لەسەردەمی دەمارگیری ئایینی و دادگاكانی پشكنین هاتینە دەرێ و پێمان وابوو ئیدی بەیەكجارەكی لەدەست قەتاڵوعام و خۆپەرستی و شەڕوشۆر قوتار بووین. شاعیری

گەورە(پۆل ڤالێری) هەر دوای تواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم و لەساڵی (1919) بەتوڕەییەوە دەڵێت (شتەکان روون و ئاشکران) نە بەزەیی تێدایەو نە هاوسۆزی لەم شەڕانەدا هەزارەها گەنج و شاعیر و هونەرمەند و هتد تێدا چوو، هەروەها وەهمی کلتوری ئەوروپیش نەما، هاوکات بۆشمان دەرکەوت کلتوور دەستەوەستانە لە لەرزگارکردنی بچوکترین شت. بۆیە شکۆمەندی زانستیش لەڕووی ئەخلاقییەوە خراپ تێکشکا، چونکە پراکتیزەکردنی تەکنەلۆژیەکانی بەرهەمی رۆشنگەری بووە هۆی مردنی ملیۆنەها مرۆڤ ئەوان لەرەخنە لەخۆگرتندا گەیشتنە ئەوەی کەبەزانستی بەرهەمی شارستانیەتەکەیان بێزن، ئێمە نەك وەك شەرەف و شکۆمەندی سەیری ناکەین، بەڵکو وەك پەڵەیەکی رەش لە مێژووی خۆمانی دەبینین. بۆیە دوای ئەم مێژووە ساتێکی مێژووی نابینیت کە رۆژئاوا لە هەوڵی رەخنەگردنی خودی خۆیدا نەبێت کە ئەمەش بۆتە هۆی سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی، بەلاَم نووسەر لەهەندێك شوێندا ئاماژە بەوە دەکات کە ئێستا فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی خەریکە جارێکیتر و بەجۆرێکیتر یەخەی ئەو شارستانییەتە گەورەیەش دەگرێتەوە بۆیە نووسەر لێرەوە باس لەوە دەکات کە ئەم کێشەیە کێشەی ناوچەیەکی دیاریکراو نییە بەتەنها، مەترسیەکانیشی بۆناوچەیەکی دیاریکراو نەبوو وەك ئەوەی لەیانزدەی سێپتەمبەر دیتمان بۆیە ئەو پێی وایە گەر ئێستا مرۆڤایەتی بەتایبەت رۆژئاواییەکان کە ئەزموونیان لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەی فەندەمینتالیزمدا هەیە هاوکاری جیهانی سێهەم نەکەن بۆ رزگاربوون لە توندڕەوی ئایینی ئەوا ئەو کێشە دەگوازرێتەوە بۆنێو ماڵەکانی ئەوانیش و ژیان شارستانییەتەکەی ئەوانیش دەخاتە قەیرانی مەزنەوە بۆیە هەست دەکەم نووسەر لێرەوە رێك نیشانەکەی پێکاوە، چونکە ئێستا رۆژئاواییەکان گەیشتوونەتە ئەو روناگەیەی کە فەندەمێنتالیزم هەر بەتەنها کێشەی ناوچەیەکی دیاری کراو نییە، بەڵکو ئەویش بۆتە کێشەیەکی جیهانی وەك زۆرێك لەشتەکانی تری مرۆڤی ئەم سەردەمە بۆیە دەبینین ئێستا رۆژئاواییەکان لەبواری پراکتیکیشدا لەهەوڵی

چارەسەرکردن و بنبڕکردنی فێندەمینتالیزمدان، بەڵام ئەوان تائێستا پرۆژەیکی ستراتیژی ئومێد نییە بۆ گرفتەکە بۆنمونە ئەوان تائێستا کێشەی توندڕەوەی لەم ناوچەی ئێمەدا بەتوندڕەوانە چارەسەر دەکەن ئەوە لەکاتێکدا  ئێمە دەزانین کێشەی توندرەوی ئایینی بەم جۆرە نەك کۆتایی نایەت، بەڵکو زۆرتر دەبێت بۆیە دەبوو لەبری ئەمانە کێشەی هەژاری بیناکردنەوەی کلتووری ناوچەکە بەشێوازێکی مۆدیرن و رێفۆرمەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەدیموکراسیکردنی پەروەردەو فێرکردنی منداڵان، دەستیان پێکردایە نەك بە چەك و تفاقی سەربازی بۆیە ئەوەی جێی رەخنەیە لە نووسەری ئەم کتێبە ئەوەیە کە نووسەریش  بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەوەندەی من تێیگەیشتووم لەگەڵ ئەم جۆرە چارەسەری ئێستایی رۆژئاوادایە، نەك ئەوەی ئێمە باسمان کرد.